# بەرەو رووناکی

سەرنووسەر

سالم محمەد

*جگە لە سەروتار سەرجەم نووسیەکانی تر نووسەران خۆیان لێ بەرپرسن.*

## ژمارە ١      ٢٠٢٠/٥/١٤      رۆژی ٥ شەمە دەرچوو

## سەروتار

**سالم محمەد**

**بەرەو رووناکی بۆ؟**

ئاشکرایە لای هەبوومان کە وا بەرەو یادی سێ ساڵەی کۆچی دوای ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا دەڕۆین، هەربۆیە پێویستە لە خۆمان بپرسین بۆچی پیاوێک بەسەری سپی و بەو تەمەنە زۆرەوە بە جەستەیەکی هیلاکەوە دەستی دایەوە سیاسەت لە پێناو دادپەروەری و بەهەردوو حیزبی دەسەڵاتداری وت ئیتر بەسە، بێ شەڕ و چەک بە پشتیوانی گەنجان بەقەڵەم شەڕتان لەگەڵ دەکەین لە پێناو گۆڕینی سیستەمی سیاسی کوردستان ، بۆچی پاش سێ ساڵ لە مەرگی ئەو بزووتنەوەکە سەرباری ئەوەی بەدامەزراوەی کراوە بەڵام دەنگەکانی کەمی کردوە و لە ژێر هەڵمەتێکی ناشیرن کردندایە کە بەشێکی زۆری هەردوو حیزبی دەسەلاتدار سەرپەرشتی دەکەن و چەند کەسانێکیش کە لە بزووتنەوەکە سودمەنبوون بە ناوی رەخنە وهێرشی نارەوا دەکەنە سەرگۆران، هەربۆیە دەکردنی ئەم رۆژنامەیەمان بە پێویست زانی بۆ ئەوەی بەهیواوە هەنگاو بنین بەرەو رووناکی، لە پێناو دواین پرۆژەی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا.

**ڕێگاکان پرن لە درِ، بەڵام بەدوای هەنگاوەکانتا بەردەوامین.**



**چیتان لە گۆران ئەوێت؟ لا ٢**

**باشە ئەو هەموو جنێوە چیە بە بزووتنەوەی گۆران دەدرێت؟ لا ٣**

## چیتان لە گۆڕان ئەوێت ؟ بەختیار شارەزووری

چیتان لە گۆڕان دەوێ ، دەتانەوێ شاردنەوەی داهاتی چەندین ساڵەتان بخەنە ئەستۆی گۆڕان ، دەتانەوێ شکست و خواریەکانتان بە گۆڕان ڕاستبکەنەوە ، دەتانەوێ بێ سیستەمی نەبونی پلانی درێژخایەن لە داهاتی ئەم وڵاتە بخەنە ئەستۆی گۆڕان ، دەتانەوێ بە سیناریۆی جیاجیا بە سایت و پەیجی ساختە ، بە ساختەکردن لە هەڵبژادنەکاندا ، کە هەموی بە پارەی دزی لە داهات بەڕێوە دەچی بخەنە ئەستۆی گۆڕان ، دەتانەوێ بە هێرشکردنە سەر گۆڕان خەڵک پارەی کەسیی دزراوی نێو بانکەکانی وڵاتان لە بیر نەبێ.

چیتان لە گۆڕان دەوێ بە نایاسایی لە هەرسێ دەستەڵاتەکەدا بە خیانەتەکانتان ، بە بۆری و تەنکەری نەوت و پارەی بێ گومرکی سنورەکان خەڵک فریو بدەن و بە پارەی خۆیان دژی گۆڕان ئاراستەیان بکەن ، خۆ ئێوە وتان دوای ڕابەری (ئێمە و ئێوەش) کاک نەوشیروان ودابەزینی دەنگەکانمان گۆڕان هیچ نابێ ، ئەی خێرە هەمو شکستەکانتان دەخەنە ئەستۆی گۆڕان ، ئێمە خۆمان دەزانین کوێمان ئێشێ و دەشزانین چی دەکەین و دەشزانین لە هەنێ شوێن فاوڵمان کردوە و کەوتوینەتە بەردەم سزا و ڕەخنەی هەوادار و دنگدەر و کادری خۆمان ، ئاخر ئێمە مەدرەسەیەک یان کارگەیەک نەبوین و نین بۆ بەرهەمهێنانی جۆرە کوالێتیەک لە کادر هەرچی بڵێین ئەوانیش بڵێن بە ڕیشی مەردانەت قەسەم ، بەڵێ گۆڕان بە هەمو جۆرەکانیەوە کادری نەوعی دروست کردوە و بە فاوڵمان دەڵێن ستۆپ
.
خێرە ئێوە بەو هەمو ناشیرینیەی خۆتانەوە دەتانەوێ دەموچاوتان بە ئاوی گۆڕان پاک بکەنەوە ، ئێ خۆتان دەزانن سەرکردەکانی گۆڕان لە شاخ زیاتریان نەکردبێ کەمتریان نەکردوە لە ساتە سەختەکان و ڕاپەڕیندا هەموتان لە پشتی ڕێکخەرەکەیەوە بون نمەک بتان گرێ ، ئەوە گۆڕانە کار لەسەر شەرعیەتی شۆڕشگێری ناکات ، ئەگینا بێتە سەر بەراورد ئێوە هەندێکی کەمتان نەبێ هەموی لەبەرامبەر شەرعیەتی شۆڕشگێری سەرکردەکانی گۆڕاندا باڵۆنێکی پڕ هەوان.

ئەوە گۆڕان و ڕێکخەرەکەی بو لە ئێستادا دەژیان دەیانەوێ شەرعیەتی شۆڕشگێڕی نەبێتە مارکێتێک بۆ دزی ، بە ئێستاشەوە لە بەرامبەر گۆچانی ڕێکخەرەکەیدا دەبێ ڕێز بنوێنن و سەردانەوێنن و سەرکردەکانتان باش ئەو ڕاستیە دەزانن

چیتان لە گۆڕان دەوێ ، ئێ گۆڕان ستراتیژی وایە دەیەوێ سیستەم هەبێ ماڵی کوردی و ئێوە فێر بکا چی بکەین ( ئەگەرچی بێ کەم و کوری نەبوە و هەوادارەکانمان خویان پێش ئێوە سزایان داوین ) گۆڕان بەشداری ئەم کابینەی کرد ، ئێ خۆ کوفرمان نەکرد سیاسەت و حیزب لە ڕێی دەستەڵاتەوە کار لەسەر جێبەجێ کردنی ستراتیژی خۆی دەکات ، وتمان بەشدار دەبین و خۆتان وتان چاکسازی دەکەین و هەر خۆتان دەڵێن هەڵەمان کردوە هاوکارمان بن تا چاکی بکەین ، ئێستەش خۆتان هەمو داهاتە شاراوەکان لای خۆتانە ، خێرە بە هەزار ئاراستە گۆڕان تاوانبار دەکەن ، دەی فەرمو لە دژی یەک گەورەترین بارگرانی و هەڵئاوسانی فەرمانبەرتان دروست کرد و حکومەتان کردە دەوارێک بۆ شاردنەوەی دزی لە داهات ، دەی فەرمون ئێستە چی دەکەن ، چیتان لە گۆڕان دەوێ دەتانەوێ وەک حەلاج بیسوتێنن و خۆتان بە هەق بزانن ، دڵخۆش مەبن بەڕەخنەی کادرەکانمان ، ئێمە کادری زیندومان هەیە ، بەرامبەر ئێمە ڕەخنە بگرن پڕن لە تورەیی ئەستور بەرامبەر ئێوە .

باشە ئەو هەموو جنێوە چیە بە بزووتنەوەی گۆڕان دەدرێت؟

سالم محمەد

_ ئەرێ کوری باش ئەم هەموو جنێوە چیە بە بزووتنەوەی گۆڕانی ئەدەیت؟
+ ئێ کاکە ئێوە نالێن ئازادی، منیش ئازادم پێم وایە گۆڕان شایستەی جنێوە، چونکە نەوتی کوردستان تالاّن ناکات بۆیە جنێو دەدەم.

_ واتا هەر لەبەر ئەوەیە، ئەو هەموو ئیهانەیە بە م بزووتنەوەیە دەکرێت؟
+ کوری باش هەر بۆ ئەوە باشن جنێویان پێ بدەی، لەم وڵاتە حیزبایەتی واتا پارە پەیداکردن، ماقولە پێیان وتوە چاوپۆشی بکەن لە هێنانی دوگی مەڕ لە ئێرانەوە بە نایاسای ڕاستەوخۆ شەریکی نیو بە نیو بن نەیان کردوە جا توخوا ناحەقمە جنێو بدەم؟

_ تەواو هەر ئەو دوو خاڵە بوو وای کردوە ئەو هەموو جنێوە بدەن بە گۆڕان؟
+ نەوەڵا کاکە هۆکار زۆرە، بۆ نموونە مووچە نیە ئێ خۆ ناوێرین یەخەی بەرپرسەکانی خۆمان بگرین بڵێن کوا مووچە کە حیمایی باخە و ڤێلاکانیانین، خوا ئەو گۆڕانە نازدارەی داوە دڵی خۆمانی پێ خاڵی ئەکەینەوە و خەڵکیش بێ هیوا ئەکەین، ئەم مەسولانە بۆ خراپن خۆ کە تەواو ئەبن لە نان خواردن کەباب و گۆشتی بەردەمی خۆیانمان ئەدەنێ لە ڤێلا و باخەکان.

_ کاکە شەرم بتگرێ گۆران دژی ئەو هەموو کەرامەت شکاندنەیە، کە ئەمانە بەو خەڵکەی دەکەن تۆ شایستەی ئەوەی ژیانی شەرفمەدانەت هەبێت نەک خواردنی بەرماوەی مەسئول و میوانەکانی!
+ جا برام ئێوەی گۆران کەلە ڕەقن بێ دەستکەوتی مادی و پۆستیش هەر بەردەوامن لەم وتار و قسە زلانە، ئێمە ئەو کاتە دڵخۆشین کە ئەمان شکێنن و جەنابیان نانی کەمان ئەدەنێ.

_ ئەزانی چی برام.....
+ بێ دەنگ کاکە بێ دەنگ قسەکەت تەواو مەکە من کۆتایی پێ دێنم ئەسڵی مەسەلەکە ئەوەیە ئێوە هاتوون شەڕ ئەکەی لە پێناو ئەوەی ئێمە بە ئازادی و دادپەروەری بژین، بەڵام ئێمە کە چەتری نەزانیمان هەڵکردوە ئێوە وەک باران ئازادی و دادپەروەری ببارێن بەسەرمانا نامانەوێت نامانەوێت.

کتێبی یاداشتەکانم لە مەجلیسی حکوم یەکێکە لە کتێبە گرنگەکانی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا کە باس لە قۆناغەکانی نووسینەوەی دەستوری عێراق دەکات و ڕۆڵی ئەو تێدا کە زۆربەی مافەکانی کورد و پێکهاتەکانی تری عێراقی تێدا چەسپاوە هەربۆیە تا ئێستاش کە کێشەکانی عێراق دەگاتە لووتکە هەموان دەڵێن با پابەندی دەستووربێت، کە مافی هەموانی تێدایە.



ئاگاداری سەرجەم نووسەران و رۆشنبیران و هەڵسوراوانی  بزووتنەوەی گۆڕان دەکەین ، دەتوانن بە م ناونیشانەی خوارەوە نووسین و بابەتەکانیان بنیرن بۆ رۆژنامەی (بەرەو رووناکی ) کە رۆژنامەکە گرنگی بەو نووسین وتارانە دەدات کە تایبەتن بە بزووتنەوەی گۆڕان و  پشتگیری کردنی بزووتنەوەکە ، لە دوای خوێندنەوەی بابەتەکان گەر گونجاو بوو لەگەڵ هێلە گشتیەکانی کارکردنی رۆژنامەی ئەلکترۆنی (بەرەو رووناکی) بڵاودەکرێتەوە.

مەرج نیە هەموو نووسینێک بلاوبکرێتەوە، لە ژمارەی ئایندەوە هەوڵدەدەین ئەو نووسینانە بڵاوبکەینەوە کە نووسەران دەینێرن و لە هیچ شوێنێک بڵاونەکراوەتەوە.

ئەم رۆژنامەیە هەفتانەیە و تەنها لە تۆڕی ئینتەرنێت بلاودەکرێتەوە.

بابەتەکانتان بنێرن بۆ ئەم ناونیشانە : bargrinamasalam@gmail.com

سەرنووسەر

سالم محەمەد



**ئارام بنوو بەردەوامین.**